گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێشگریمانە (Presupposition) لەنێوان پڕاگماتیکی دێرین و پڕاگماتیکی درکپێکردندا

**م. ی. بەختیار نوری حمدامین**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کورستان، عێراق
bextyar.hamadamin@su.edu.krd

**پ. د. سەباح ڕەشید قادر**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کورستان، عێراق.
Dr.sabahrashed@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١١/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٢/١٤
بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Presupposition, Pragmatics Cognition, Cognitive Pragmatics, Theories of meaning*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.2

## پوختە

واتای دانە زمانییەکان لە ئاوەزی ئاخێوەرانی زمانێکدا لەسەر کۆمەڵێ بنەمای لۆجیکیی بیرکاریانە کاردەکەن. ئەویش بە جۆرێکە کەوا بۆ لێکدانەوەی واتای گوتنێک، وەرگر لە ئاوەزیدا چەندین گریمانەی جۆراوجۆر بنیاددەنێ. لە کۆتاییدا یەکێ لەو گریمانانە دەبێتە بنەمای لێکدانەوەی مەبەستی قسەکەر. ئەم میکانیزمی لێکدانەوە واتاییە لە زانستی پڕاگماتیکدا بە (پێشگریمانە) ناسراوە. پێشگریمانە هەمو ئەو ئەگەرانە دەگرێتەوە کە بۆ لێکدانەوەی گوتنێک دێتەئاراوە لەلایەن وەرگری پەیامەکەوە. لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا (Cognitive Pragmatics)[1] ئەم بابەتە پەیوەستکراوە بە کۆزانیاریی پێشینە، هاوبەشی ژینگەیی و چەندین هۆکاری تر. لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی چەند تیۆرێکی واتاییەوە چارەسەری لێکدانەوەی گریمانەکراوی گوتنەکەکان دەکا کە جیاواز لەو میکانیزم و باسانەی کە لە پڕاگماتیکی کۆندا دەربارەی نوسراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین قوڵتر لە بابەتی پێشگریمانە ڕۆبچین، گرنگی

[1] ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرای خوێندکاری دکتۆرا (بەختیار نوری حمدامین) لە زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی بە ناونیشانی (پڕاگماتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم باسە لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا بخەینەڕو.

## پێشەکی:

توێژینەوەکانی بواری واتا؛ فرە ڕەهەند و فرە بابەتن. واتە؛ دەتوانین لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە لە داڕشتەی واتای دەربڕاوەکان بڕوانین. بابەتی پێشگریمانە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی زانستی پڕاگماتیک. لە بنەڕەتدا واتای پڕاگماتیکی؛ واتایەکی پێشگریمانە کراوە. بە جۆرێ ئەگەر هەندێ جار نێرەر نەتوانێ مەبەستی گوتنەکەی بپێکێ، ئەمەش بەهۆی شکستی پێشگریمانکردنەوە ڕوودەدا. واتە: پێشگریمانە پێویستی بە پێشینەی کۆزانیاریی و جۆرەکانی کۆزانیارییەوە هەیە دەربارەی چەمکەکانی زمان، بۆیە دەتوانین بڵێین پێشگریمانە لە لایەک شارەزایی و کۆزانیاریی زمانییە دەربارەی چەمک و وشەکان، لە لایەکی تر خوێندنەوەی ئاوەزییانەی کەسی بەرانبەر/ وەرگرە، چونکە نێرەر بەپێی گریمانەکردنی بۆ کۆزانیارییەکانی وەرگر، داڕشتە زمانییەکەی گوتنەکانی دادەڕێژێ.  بۆ ئەوەی بابەتی پێشگریمانە لە پڕاگماتیکدا ڕونبکەینەوە، پێویستە ڕوبکەینە تیۆر و بوارێکی چەسپاو، تاکو ئەو بابەتە بە تەواوی قەتیسبکا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەپێی میتۆدی و پاساوی زانستیی، شیکار و پاسادانی هەندێ لە نمونەکانی زمانی کوردی بکەین.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کەوا هەمو دەربڕاوە زمانیی و نازمانییەکان پەیوەستن بە واتاوە. واتای دەربڕاوەکانیش مەرج نیە هەمو کات ڕون و ئاشکرابن. پڕاگماتیک بە گشتی و پڕاگماتیکی درکپێکردنیش بە تایبەتی کار لەسەر ئەو واتا شاراوانە دەکا کە لە دەربڕینە خوازەییەکاندا بە پەنهانی دەردەبڕێن. گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار هەوڵدەدا بابەتی پێشگریمانە لە ڕێگەی هەندێ تیۆری واتاییەوە شیکاربکا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢-١ گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا دەکرێ بابەتی پێشگریمانە لە چوارچێوەی تیۆرێکی واتاییدا ڕێکبخرێتەوە؟ جیاوازی چیە لە میکانیزمی لێکدانەوەی گوتنە پێشگریمانەییەکان لە پڕاگماتیکی کۆن و نوێدا؟ ئایا لە لێکدانەوەی واتای گوتنەکاندا، پێشگریمانە توشی چ گرفتێک دەبێتەوە؟. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا وەڵامی ئەم پرسیار و گرفتانە بداتەوە و بە نمونەی کردارەکی چارسەریان بکا.

### ٣-١ ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوە پڕاگماتیکییەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی- شیکاریی دەکەن، چونکە پیادەکردنی تەکنیکەکانی شیکردنەوەیە لە هەندێ نمونەی وەرگیراو لە کاتێکی دیاریکراودا، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتبەست بەو شیکردنەوە تایبەتمەندانەی تایبەت بە تیرۆی پڕاگماتیکی درکپێکردن شیکاری نمونەکان دەکەین.

### ٤-١ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکیی پێکدێ. لە بەشی یەکەمدا باسێکی کورتی ناساندنی پرسیار، میتۆد و گرنگی توێژینەوەکە خراوەتەڕو. بەشی دوهەم بریتییە لە بابەتی پێشگریمانە لە نێوان پڕاگماتیکی کۆن و نوێدا. بەشی سێیەم پێکدێ لە شیکارکردنی هەندێ بابەتی پێشگریمانە بەپێی تیۆرە واتاییەکانی پڕاگماتیکی درکپێکردن. لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی کۆتایی هاتوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دوهەم: پێشگریمانە لە نێوان پراگماتیکی دێرین و درکپێکردندا

**دەروازە:**

چەمکی پراگماتیکی درکپێکردن لە پراگماتیک و درکپێکردنەوە هاتوە، پراگماتیکەکە بریتیە لە لێکدانەوە واتاییەکان و درکپێکردنیش بریتیە لە کۆزانیاریی ئاوەزیی. ئاشکرایە کە هەر یەک لەم لایەنانەش فرە ڕەهەند و فرە بابەتن، بەم چەشنە سانایە ناتوانرێ گوزارشت لە تەواوی بوار و چەمکەکەی بکرێ. لە بارەی پێناسەی پراگماتیکی درکپێکردنەوە (Schmid:2012:3) پێیوایە "پراگماتیکی درکپێکردن بە واتا بنچینەییەکەی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی دو سەرەی 'ئاڵوگۆڕکێی' نێوان پراگماتیک و درککردن". ئاشکرایە ئەوە لە نێوان پراگماتیک و سیستەمی درککردنی مرۆڤدا ڕودەدا بریتیە لە خودی دروستەی زانیاریی کە لە بۆتەی دەربڕاوە زمانییەکاندا دەنوێنرێن. Bara کە بە ڕابەری ئەم بوارە دادەنرێ لە پێناسەی پراگماتیکی درکپێکردندا دەڵێ: "پراگماتیکی درکپێکردن بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارە ئاوەزییەکانی 'Mental States' ئەو کەسانە کە بەشدارن لە پەیوەندیکردن و گفتوگۆیەکدا"(Bara: 2010:1). هەر وەک خۆی لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی لەوە کردوە کە پراگماتیکی درکپێکردن هەوڵدەدا ئەوە ڕونبکاتەوە کە چۆن هەر کردەیەکی پەیوەندیکردن لە ئاوەزدا ڕێکدەخرێ و دادەمەزرێ پێش ئەوە بە فیزیکی و لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەرببڕدرێ. 'بارا' ئەوەشی خستۆتەڕو کە بارە ئاوەزییەکانی هەمەچەشنن و خۆیان لە کۆمەڵێ کردەی وەکو "پاڵنەرەکان، ئامانج، حەز و ئارەزو، بەئاگایی، بیری هاوبەش و باوەڕی هاوبەش، پاشخانی کۆزانیاریی و یادگە" دەبیننەوە کە هەمو ئەمانەش لە بنەڕەتدا بیری ئابستراکتن، لێکۆڵینەوەش لە هەر یەک لەم بارانە پێویستی بە میکانیزم و پێواژۆی زانستیی هەیە. ئاشکرایە کە بەپێی پێناسەکەی 'بارا'؛ پراگماتیکی درکپێکردن گرنگی دەدا بە هەمو ئەو بارە دەرونی و ئاوەزیی و بایەلۆجیانەی کە لە مێشکدا ڕودەدەن لە میانەی کردەی پەیوەندیکردندا بە گشتی و کردەیەکی پەیوەنی پراگماتیکیانە بە تایبەتی. هەروەک (Bosco:2006:1) دەڵێ: "ئامانجی پراگماتیکی درکپێکردن ئەوەیە ڕونیبکاتەوە کە چ کردەیەکی عەقلّی و مەعریفی لە ئاوەزدا ڕودەدەن لە کاتی پەیوەندییەکی کارلێکەرانەدا. ئەمەش وایکرد کە 'فۆکۆنیا' پراگماتیکی درکپێکردن بکا بە بەشێک لە زانستی مەعریفی " و بە ئاستی ناوەندی ئەژماربکا لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوان جیهانی ڕاستەقینە/ فیزیکی لەگەڵ زانستی زماندا (عبدالسلام عشير:٢٠٠٦). شایەنی باسە هەر یەک لەو بارانەی مێشک کە پێشتر خرانەڕو بریتییە لە کارلێکی ئاوەزییانەی ئەو بەشداربوانە لەگەڵ جیهانی فیزیکی دەوروبەریان کە ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە سیمانتیکی درکپێکردن جەختی لەسەر دەکاتەوە[i]. ئەو بارانەش ڕۆلی بەرچاودەبینن لە گەیشتن بە مەبەستی قسەکردن کە خۆی لە هەڵهێنجانی واتاییانەی گوتنەکان دەبینێتەوە.

بەو پێیەی لەگەڵ بیستنی هەر زنجیرە گوتنێک، تۆڕی واتایی و بەکارهێنانەکانی چەمکیانەی گوتنەکە لە ئاوەزی وەرگردا دادەگیرسێ. یەکێ یان زیاتر لە یەک لایەنی واتایی چەمکەکە دەبێتە بنەمای لێکدانەوەی گوتنەکە. تێگەیشتنی وەرگریش بۆ گوتنەکە بەپێی کۆزانیاریی پێشینە و گریمانەکردنە جۆراوجۆرەکانی دەبێ لە هەمبەر چەمکەکان و کەرەسە پێکهێنەرەکانی دەربڕاوەکە کە بە پێشگریمانە[ii] ناسراوە. واتە: پێشگریمانە پێویستی بە پێشینەی کۆزانیاریی و جۆرەکانی هەیە دەربارەی چەمکەکانی زمان، بۆیە دەتوانین بڵێین پێشگریمانە لە لایەک شارەزایی و کۆزانیاریی زمانییە دەربارەی چەمک و وشەکان، لە لایەکی تر خوێندنەوەی ئاوەزییانەی کەسی بەرانبەر/ وەرگرە، چونکە نێرەر بەپێی گریمانەکردنی بۆ کۆزانیارییەکانی وەرگر، داڕشتە زمانییەکەی گوتنەکانی دادەڕێژێ. بەم شێوەیە ژۆزانیاریی هاوبەش لەنێوان نێرەر و وەرگردا دەبێتە بنەمای دروستە زمانییەکە. ئەم هاوکێشەیەش بریتییە لە بنچینەی کۆزانیاریی هاوبەش، بۆ نمونە:

- A دەزانێ P
- B دەزانێ P
- Aدەزانێ B دەزانێ P
- B دەزانێ A دەزانێ P ...هتد.

بۆ نمونە کاتێ دەڵێن: (نەورۆزی ئەمساڵ ڕەمەزانە = P)، بەم شێوەیە (A) دەزانێ (P). وەرگریش بڕی زانیاری دەربارەی (P) وەردەگرێ و دەیزانێ. کەواتە (A) دەزانێ کە (B) دەزانێ (P) و بەم شێوەیە کۆزانیارییە هاوبەشەکان لەنێوان نێرەر و وەرگردا ئاڵوگۆڕدەکرێن، بەڵام بەو پێیەی کە پێشگریمانە زیاتر پەیوەستە بە وەرگر و پاشخانە زانیارییەکانییەوە، بۆیە مەرج نییە هەمو وەرگران وەک یەک پێشگریمانە بکەن بۆ هەمان گوتن. کەواتە بەم شێوەیە

پێشگریمانە بەشێک لەو واتایەی کە لە ڕێگەی یەکە زمانییەکانەوە گەیاندومانە[iii]، بەڵکو پێشگریمانە "بریتییە لە هەڵهێنجانی واتایەک لە ڕستەیەکی دیاریکراوەوە لەلایەن وەرگری ڕستەکەوە/ گوتارەکەوە" (دیار علی:٢٠٠٩:٩٦). واتە؛ وەرگر پێشگریمانەی جیاواز بۆ گوتنێکی دیاریکراودەکا تاکو لە چەند ئەگەرێکەوە بگا بە یەک ئەگەری سەرەکی و نزیکترین ئەگەر لە واتای دەربڕاوەکە. بەپێی پێناسەکەی (Levinson:1983)یش زاراوەی پێشگریمانە تایبەتە بە هەندێک هەڵهێنجانی پڕاگماتیکی لەناو پێکهاتە زمانییەکاندا (عمر محمود:٢٠٠٩:٤١). بۆ نمونە کاتێ دەڵێین:

(١) پشیلەکەی میلا جوانە. (p)

<<[iv] میلا پشیلەی هەیە. (q)

کەواتە: p << q

بەم شێوەیە لە نمونەی (١)دا (P) پێشگریمانە (<<)ی (q) دەکا. ئاشکرایە کە کۆزانیاریی وەرگر بنەمای ئەو پێشگریمانەیەن. بەپێی (Bublitz&Norrick:2011:403) دو تایبەتمەندی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە یەکلاییکردنەوەی پێشگریمانە و جیاکردنەوەی لەگەڵ لێکەوتە و گرتنەوەدا. ئەوانیش بریتیین لە:

آ- بەردەوامی لە کاتی نەرێکردندا (Constancy Under Negation): هەرکاتێ (p) نەرێ بکرێ، ئەوا (q) هەر ڕاستە و بەردەوامدەبێ. واتە:

- ئەگەر (p) ڕاستبێ، ئەوا (q) ڕاستدەبێ
- ئەگەر (p) هەڵەبێ، ئەوا (q) هەر ڕاستدەبێ[v]، بۆ نمونە:

(٢) آ- هەمو دەزانن میلا قوتابییەکی زیرەکە. (p)

ب- هەمو نازانن میلا قوتابییەکی زیرەکە. (Not p)

<< میلا قوتابییە. (q)

کەواتە: p>>q & Not p >>q

ب- کەوتنی گریمانە (Defeasibility): دوهەم تایبەتمەندیی پێشگریمانەیە کە پێیانوایە گریمانەکردنی پێشینە لەلای وەرگر سەرکەوتونابێ ئەگەر ئەم مەرجانەی نەبێ:

یەکەم: نەگونجانی گوتنەکە لەگەڵ کەتوار (واقع).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوهەم: ناشارەزایی دەربارەی پاشخانی کۆزانیاریی ئەوانی تر.

سێهەم: نەگونجانی گوتن لەگەڵ دەوروبەر. بۆ نمونە:

(٣) پەنجەرەکە بکەوە/ مەکەوە. (p)

<< پەنجەرە هەیە. (q)

~ << کوا پەنجەرە؟!

لێرەدا (~ <<) ئاماژەیە بۆ کەوتنی  پێشگریمانەکردنەکە، لەبەرئەوەی دەشێ هیچ پەنجەرەیەک لە واقعدا بونی نەبێ. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە جۆری پێشگریمانەی پڕاگماتیکییە، چونکە هەندێ توێژەر دو جۆر (سیمانتیکی و پڕاگماتیکی)، هەندێکی تر سی جۆر (+ دەرونی) بۆ جۆرەکانی پێشگریمانە دیاردەکەن[vi].

## بەشی سێیەم: پێشگریمانە بەپێی تیۆرە واتاییەکانی پڕاگماتیکی درکپێکردن

ئەوەی لە بەشی دوهەمدا خرایەڕو پێشگریمانەی پڕاگماتیکی بو بەپێی ڕەهەندی کۆزانیاریی و دەوروبەری هاوبەش کە لە پڕاگماتیکی کۆن و نوێدا ڕۆلی بەرچاویان هەبوە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی گوتنە پێشگریمانە کراوە پڕاگماتیکییەکاندا، بۆیە لە بەشی سێیەمدا بابەتی پێشگریمانەی پڕاگماتیکی و شیکاری چەند نمونەیەک بەپێی تیۆرە واتاییەکان دەخەینەڕو.

### ٣-١ پێشگریمانە بەپێی تیۆری فەزا هزرییەکان:

بەپێی تیۆرە فەزا هزرییەکان هەر جۆرە گوتنێک زیاتر لە فەزایەک لە ئاوەزی وەرگردا دروستبکا، ئەوە ئەم تیۆرە دەتوانێ شیکردنەوەی بۆ بکا. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە دروستەی واتا لە پێکهاتەی قوڵدا زیاتر لە واتایەکی بارکردوە. چەمکەکان وەکو کۆنتێنەری واتای جۆراوجۆرن دەربارەی هەر دروستەیەکی زمانی.

دەکرێ بڵێین کە هەر دەربڕاوێکیش دەشی زیاتر لە گریمانەیەک لە ئاوەزی وەرگردا چالاکبکا تاکو لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی یەکە زمانییەکاندا بەکاریبهێنێ، ئەوا دەتوانین لەم ڕێگەیەوە بەپێی بەیەکەوە بەستانی هەردو تیۆری پێشگریمانە و فەزای هزری شیبکەینەوە. بۆ زیاتر ڕونکردنەوە لە نمونەی (٤) دەڕوانین:


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٤) لە خەونمدا هەر چوار پارچەی کوردستان یەکی گرتبۆوە. (عمر مەحمود:٢٠٠٩:٨٧)

>> کوردستان چوار پارچەیە.

>> کوردستان یەکی نەگرتوەتەوە.

پێشگریمانەکانی وەرگر بۆ نمونەی (٤) لە جۆری پێشگریمانەی ناڕاستەقینە دادەنرێ بەپێی جۆری کردەکانی (خەوبینین، وازانین و وادانان ...هتد)، بۆیە وەرگر بەپێی ئەزمونی کۆزانیاریی خۆی دەزانێ کە ئەم پێشگریمانانە لە گوتنەکەدا هەڵبهێنجێ. هەروەها بەپێی تیۆری فەزا هزرییەکانیش دەتوانین شیکردنەوە واتای درکپێکراو بۆ نمونەی ژمارە (٤) بخەینەڕو. ئەمەش بەو جۆرەی کە لەگەڵ بیستنی دەربڕاوەکەدا وەرگر دو فەزای هزری دەربارەی چەمکە بەشداربوەکانی گوتنەکە لە ئاوەزیدا دەنەخشێنێ. فەزای یەکەم ڕاستەقینەیە و لە واقعدا وڵاتێک هەیە بە ناوی (کوردستان) و دابەشکراوەتە سەر چوار پارچە و تا ئێستاش بەو شێوەیەیە، بەڵام نێرەر بە هەر مەبەستێ بێ فەزای دوهەم لە هزری وەرگردا دەنەخشێنێ بە جۆرێ کە فەزایەکی ناڕاستەقینە و دروستکراو دروستدەکا بەوەی کە (کوردستان) دۆخ و تایبەتمەندییێکی تر وەردەگرێ. دەتوانین نەخشەی دەربڕاوی (٤) بەپێی تیۆرەی فەزای هزری بەم شێوەیە بنەخشێنین:




X+X1= فەزای ڕاستەقینە　　　x2= فەزای ناڕاستەقینە

وێنەی ژمارە (١) نەخشەی هزری دەربڕاوی ژمارە (٤)

هەر بەم شێوەیە کۆمەڵێ لایەنی تری کۆزانیاریی کلتوری، فەرهەنگی و سیاسی ...هتد لە ئاوەزی بەرانبەردا چالاکدەکرێن و وەرگر دەخاتە بەردەم هەڵوێستێکی جیاواز لەوەی پێشتر

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێیدابوە. ئەمەش بەوەی کە ئایا کام فەزا لە قازانج و سودی ئەوە تاکو یاکلابێتەوە بە نواندنی هەڵوێستەکانی بەپێی قازانج و زیانی گشتی و تایبەتی. بۆ نمونە کاتێ دەڵێن:

(٥) گەر پشتم هەبوایە، غەدرم لە نەدەکرا!

>> کەسەکە غەدری لێ کراوە.

>> کەسێکی بێ پشت و پەنایە.

لە نمونەی (٥)دا وەرگر بەپێی ئەزمونی پاشخانە زانیاریی خۆی دەربارەی بەکارهێنانی چەمکەکان و هاتنیان پێکەوە لە دەربڕاوە زمانییەکە تێدەگا کە چەمکی (پشت) هەڵگری کۆزانیاریی جۆراوجۆرە، سیمانتیکی و پراگماتیکی، چونکە وشەی (پشت) وەکو بەشێکی جەستەی مرۆڤ، جیاوازە لەو بەکارهێنانەی کە لە نمونەی (٥)دا هاتوە. لێرەدا بە واتای (پشتگیری) بەکارهاتووە. هەروەها بەپێی فەزای هزری جیاواز لەو واتا گریمانەکراوانە، ئەم تیۆرە ڕایوایە کە دو فەزای جیاواز لەم دەربڕینەدا دروستدەبێ. فەزای یەکەم کەسەکە لە جیهانی ڕاستەقینە و وەکو کەسێکی بێ پشت و پەنا و چەوساوە. فەزای دوهەم فەزایەکی ئەگەری ناڕاستەقینەیە کە لە ئەگەری هەبونی پشت و پەنادا ئەنجام و چارەنوسی جیاوازی دەبو.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە لە جۆرەکانی پێشگریمانەی پراگماتیکیدا، پێشگریمانەی ناڕاستەقینە و مەرجی پێویستە بە تیۆری فەزا هزرییەکانیش شیبکرێنەوە.

**٢-٣ پێشگریمانە بەپێی تیۆری چەمکی مێتافۆری:**

چەمکە مێتافۆرییەکان بەپێی تایبەتمەندیی و پێکهاتەی بوارەکانی (بواری ئامانج و سەرچاوە)، دەتوانن چەندین پێشگریمانەش بگەیەنن، چونکە ئەوە هەر چەمک و وشەکانی زمانن دەبنە نمایندەی بوارەکان. بۆ نمونە:

(٦) مەلاکانمان زمانیان بەستراوە لە ڕاست حەق.

>> ئێمە موسوڵمانین.

>> مەلاکان دەبێ حەق بڵێن.

>> لەم کاتەدا ناحەقی هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر وەک لە پێشگریمانەکانی نمونەی (٦)دا دیارە کە چەمکە پێکهێنەرەکانی گوتنەکە هەڵگری واتایەکی پراگماتیکین. هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە دەتوانین بە واتای شاراوە و پەنهانی پشت گوتنەکە بگەین. بۆ نمونە واتای وەکو (>>مەلاکانمان حەق ناڵێن) یان (مەلاکانمان دین وەکو خۆی جێبەجێناکەن)...هتد.

لە بەرانبەردا بەپێی تیۆری چەمکی مێتافۆڕی، چەمکەکانی (حەق و حەقبێژی) کە چەمکی ئابستراکتن لەڕێگەی کردەی (بەستانەوە) ڕونکراوەتەوە. ئەم چەمکەش لە سیفەتی چەمکە کۆنکرێتییەکانی وەکو (پەت، پەڕۆ، داو...هتد) یان هەمو ئەو چەمکانەی کردەی بەستانەوەیان بەسەردا جێبەجێدەبێ، وەرگیراوە. بەم پێیە کردەکە لەنێوان ئەو دو بوارەدا هاوبەشی پێدەکرێ تاکو واتای بواری ئامانج لەلای وەرگر ڕونبێتەوە. لە هەمان کاتیشدا نێرەر یەکەی زمانی کەمتر بەکاربێنێ بۆ گوزارشت و گەیاندنی واتای مەبەست لەو دەوروبەرەی ئاخاوتندا. تایبەتمەندیی ئەم کردەیەش بنەمای ئاوێتەبونیەتی بە پراگماتیک. بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی شێوازی کارکردنی ئەم تیۆرە، لە نمونەی (١٩) دەڕوانین:

(٧) لەم وڵاتەدا خەونی گەنجان بو بە سەراب.

>> وڵاتێک هەیە و گەنجی تێدایە.

>> خەونی گەنجەکان نەهاتۆتەدی.

وەک لە پێشەوە خرایەڕو؛ یەکە زمانییەکانی نمونەی (٧) واتایەکی شاراوە، جگە لە واتا بنچینەییەکانیان دەگەیەنن. چەمکە مێتافۆڕییەکەشیان لەوێدایە کە (خەونی گەنجەکان) وەکو بوارێکی ئەبستراکت ئامانجی ڕونکردەوەکەیە لە ڕێگەی چەمکی (سەراب) کە وەکو بوارێکی کۆنکرێتی مامەڵەی لەگەڵ کراوە و بوە بە سەرچاوەی ڕونکردنەوەی بواری ئامانج.

کەواتە لە کۆی ئەوەی خرایەڕو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێشگریمانەکردن بەپێی تیۆری چەمکی مێتافۆڕی کردەیەکی درکپێکراوی جیاوازە و پێویستی بە میکانیزم و پێواژۆی جیاواز و ئاڵۆز هەیە بەراورد بە تیۆری پێشگریمانە لە پراگماتیکی کۆن (کلاسیک)دا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣-٣ پێشگریمانە بەپێی تیۆری ئاوێتەکردنی چەمکی:**

پێشتریش ئەوەمان خستەڕو کە چەمکە ئاوێتەکراوەکان  هەڵگری واتایەکی پراگماتیکین. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو چەمکە (فەزا) ئاوێتەیەی لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی هەردو فەزاکەی تردا دێتەئاراوە، هەڵگری واتایەکی نوێیە و جیاوازە لە واتا بنچینەییەکەی چەمکە پێکهێنەرەکانیان. بە واتا سادەکەی هەر دەربڕاوێک واتایەکی تر جگە لە فەرهەنگییەکەی بگەیەنێ، ئەوا ئەو واتایە بە واتای پڕاگماتیکی دادەنرێ.

زۆر لەو دەربڕاوە زمانییانەی کە چەند پێشگریمانەیەک دەگەیەنن، لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی ئەو دو فەزا یان زیاترەوە هاتون، بۆیە دەتوانین بەپێی تیۆری ئاوێتەکردنی چەمکی شیکردنەوەیان بۆ بکەین. بۆ نمونە دەربڕاوی ژمارە (٨):

(٨) چیاکانی کوردستان شورای پۆڵاینن.

>> کوردستان چیای هەیە.

>> چیاکانی کوردستان بەهێز و پتەون.

>> کورد چیاکان بۆ مانەوە بەکاردێنێ.

هەمو پێشگریمانەکان (بە هێمای >>) لە ڕێگەی واتای فەرهەنگی دانە زمانییەکانەوە بەدەستنەهاتون، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو کۆزانیارییە (زمانیی، کلتوری، سیاسی ...هتد)ەوە کە نێرەر و وەرگر لە هەمبەر چەمکە پێکهاتەکانی گوتنەکەوە هەیانە. بۆ نمونە وەرگر دەزانێ کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی (شورا) بریتییە لە (+بەهێز، +پتەو، +بەرز، +خۆڕاگر...هتد). لە بەرانبەردا بە هەمان شێوە ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییانەی چەمکی (چیا) هەیەتی بریتین لە (+بەهێز، +پتەو، +بەرز، +خۆڕاگر...هتد). ئەم تایبەتمەندیی و سیفەتە هاوبەشانەی کە هەر یەک لەو دو چەمکە هەیانە وەکو کۆزانیاریی زمانیی لەلای نێرەر و وەرگر ڕون و ئاشکرایە، چونکە ئەگەر یەکێکیان ئەو کۆزانیارییەی نەبێ، یان ئەزمونی نەکردبێ، ئەوکات لە پێشگریمانەدا دەبێتە کەوتنی پێشگریمانە (~>>) و لە تیۆری ئاوێتەکردنی چەمکیدا دەبێتە ئاوێتەکردنێکی سەرنەکەوتو، چونکە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن و تێکچونی پڕۆسەی پەیوەندیکردن. بۆ نمونە ئەگەر نێرەر بە وەرگر بڵێ:

(٩) تەنیا چیاکانی دۆستی کوردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

>> کورد چیای هەیە.

>> کورد دۆستی نییە.

لێرەدا وەرگر واتای چەمکی (دۆست) بە واتا فەرهەنگییەکەی (پەیوەندییەکی نائاسایی/ ناشەرعی) وەربگرێ، ئەوا ناتوانێ لە واتای مەبەست و واتای پراگماتیکی گوتنەکە بگا، ئەویش ئەو واتایەیە کە (دۆست) لێرەدا بە واتای (پشت و پەنا و هاریکار) بەکارهاتووە.

ئاشکرایە کە پێشگریمانە و تیۆری ئاوێتەکردنی چەمکی هەردوکیان کار لەسەر واتای چەمکی دەکەن، واتە؛ واتای یەکە زمانییەکان بارکراو بە جۆرەکانی کۆزانیاریی، بۆیە تێگەیشتن و لێکدانەوەی گوتنەکان ئاڵۆزترن لە گوتنێکی ئاسایی. هەر لە بارەی شێوازی کارکردنی ئەم تیۆرانەوە، نمونەی (٢٢) وەردەگرین:


(١٠) مامۆستاکەتان کۆمپیوتەرە.

>> ئێوە فێرخوازن.

>> مامۆستاتان هەیە.

پێشگریمانەکان لە ئەنجامی واتای بارکراو لە کۆزانیاریی و بەکارهێنانی گونجاوی یەکە زمانییەکان لەگەڵ یەکتردا بەدەستهاتون. هەروەها لە تیۆری ئاوێتەکردنی چەمکیشدا بەرانبەرکردنی چەمکەکان لەسەر بنەمای سیفەت و تایبەتمەندیی دۆخی بەکارهێنان و دەرکەوتنی چەمکەکانەوە هاتوە. بۆ نمونە هەردو فەزای (مامۆستا و کۆمپیوتەر) لەسەر بنەماکانی (+زیرەک، +شارەزا، +پڕزانیاریی ...هتد) یاکانگیربونە. بەو شێوەیەی کە لە پێشگریمانەدا ئەو واتایە بەدەستهات کە ئێوە و هامو قوتابییەکیش مامۆستای هەیە، بەڵام لە تیۆری ئاوێتەکردنی چەمکیدا مەبەستی قسەکەر شتێکی ترە، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستاکەی ئێوە زیرەکە. ئەمەش دەبێتە جیاوازی کارکردنی هەردو تیۆرەکە لەسەر هەمان دەربڕاو. هاوکێشەی چەمک/ فەزا ئاوێتەکراوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە یەکانگیربون:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمارە (١) فەزای ئاوێتەی دەربڕاوی ژمارە (١٠)

**٤-٣ پێشگریمانە بەپێی تیۆری وێنە ئاوەزییەکان:**

بەو پێیەی کە وێنە ئاوەزییەکان دەتوانن گریمانەی ئەوە بکەن کە وەرگر چ شتێ دەزانێ و چی نازانێ. ئەم سیفەتەش هاریکاری دەکا لە داڕشتەی گوتنەکانیدا کۆزانیارییەکانی ڕێکبخا و بەشێوازی جۆراوجۆر دایانبرێژێتەوە. لێرەدا مەبەست لەوەیە کە نێرەر بەپێی ئەزمونی جەستەیی خۆی شتەکان دەبینێ و هەر بەو شێوەیە دەربڕاوەکانی بنیاددەنێ. هەندێ لەو جۆرە دەربڕاوانە کە بەپێی تیۆری پێشگریمانە شیکراونەتەوە، دەتوانرێ بەپێی تیۆری وێنە ئاوەزییەکانیش لێکبدرێنەوە. بۆ نمونەی لە داڕشتەی دەربڕاوەکانی (١١-آ و ب )دا دەردەکەوێ:

(١١)- آ- مۆبایلە نوێیەکەم کەوتە ژێر بەردە گەورەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب- بەردە گەورەکە کەوتە سەر مۆبایلە نوێیەکەم.

درککردن بە واتای دەربڕاوەکانی (١١- آ& ب) بەندە بە جوڵە و جەستە و شوێن و ئاڕاستەی بینینی ڕوداوەکە. ئەگەرچی هەردو شێوازی دەربڕاوەکە هەمان پێشگریمانە دەدەن بەدەستەوە، بەڵام لە تیۆری وێنە ئاوەزییەکاندا مەودای جوڵە و جێگیریی چەمکە بەشداربوەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازی داڕشتنی گوتنەکە هەیە (لە لاپەڕەکانی پێشەوە ئەم بار و دۆخە بەپێی نەخشە ئاوەزییەکان ڕونکراونەتەوە).

بەم شێوەیەی باسکرا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە میکانیزمی کارکردنی تیۆرە واتاییەکان جیاوازە لە شێوازی کارکردنی تیۆری پێشگریمانە لە پڕاگماتیکی کلاسیکیدا. هەر لەم بارەوە توێژەر و زمانەوانە کوردەکان لە ئاستی پڕاگماتیکی کۆندا کاری زانستی ئاستبەرزیان لەسەر بابەتی پێشگریمانە ئەنجامداوە، بەڵام ئەم بابەتە لە قوتابخانەی زمانیی درکپێکردن و بە تایبەتی لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا تاکو ئێستا هیچ جۆرە کارێکی زانستی بەدیناکرێ، بۆیە ئەم هەوڵەی ئێمە دەشێ بە دەروازەیەکی گرنگ دابنرێ بۆ بابەتی پێشگریمانە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەخاتەڕو:

١. هەمو ئەو جۆرە دەربڕاوانەی کە دەچنە چوارچێوەی زمانی خوازەییەوە (نوکتە، تەنز، میتافۆڕ) دەتوانرێ لە چوارچێوەی پڕاگماتیکی درکپێکردندا شیبکرێنەوە.

٢. ئەو فەزا جیاوازانەی لە مێشکدا دادەگیرسێن وەکو تۆڕێکی سیمانتیکی دەنوێنرێن و بەو ڕاستییە دەنگییەوە دەبەسترێتەوە کە لە زانستیی دەمارناسی باسدەکرێن.

٣. بەو پێیەی بابەتی پێشگریمانە بابەتێکی تەواوی پەیوەست بە لۆجیکەوەیە، مێشکی مرۆڤیش لەسەر کۆمەڵێ پێوازۆی لۆجیکی کاردەکا، بۆیە یەکانگیرییەکی تەواو لەنێوان پشێگریمانە و کردە ئاوەزییەکان بەدیدەکرێ.

٤. پێشگریمانە بابەتێکی وابەستەیە بە کردە ئاوەزییەکانەوە و پێشینەی کۆزانیاریش لە کردە ئاوەزییەکاندا پشکی سەرەکیی بەردەکەوێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥. نمونەی دەربڕاوەکانی زمانیی کوردی وەکو زمانانی تر دەگونجێ لە ڕێگەی تیۆرە و ڕەهەندە پەیوەستەکانی تایبەت بە پڕاگماتیکی درکپێکردن شیبکرێنەوە.

---

## پەراوێزەکان

١ ئەم بارە لە تیۆرە واتاییەکانی ئاوێتەکردنی چەمکی، فەزای هزری، وێنە ئاوەزییەکاندا بە تەواوی ڕەنگیداوەتەوە.

٢ توێژەرانی کورد چەندین زاراوەی تریان بۆ هەمان تیۆر بەکارهێناوە. وەکو (گریمانەی پێشەکی، پێشبینی پێشوەخت، بەرگریمانە، واتای پێشبینی، گریمانەی پێشینە، پێشگریمانە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کۆتا زاراوەمان بەکارهێناوە.

٣بنەڕەتی ئەم ڕایە بۆ (Levinson:1983:206) دەگەڕێتەوە و (عمر محمود:٢٠٠٩:٦٤) بەکاریهێناوە.

٤ لە پڕاگماتیکدا هێمای (>>) بۆ پێشگریمانەکردن بەکاردێ.

٥ (Bublitz&Norrick:2011:403) دەستەواژەکانی (true) و (false)یان بەکارهێناوە، بۆیە ئێمە لە بەرانبەردا (ڕاست) و (هەڵە)مان بەکارهێناوە.

٦ (عمر مەحمود:٢٠٠٩:٤١) چوار جۆر پێشگریمانە (سیمانتیکی، دەرونی، پڕاگماتیکی، لۆجیکی)، (ئاڤێستا کەمال:٢٠٠٩:٩٩) سێ جۆری پێشگریمانە (سیمانتیکی، دەرونی، پڕاگماتیکی)، (عبدالواحید مشیر:٢٠١٤:١٥٩) دو جۆر پێشگریمانە (سیمانتیکی، پڕاگماتیکی)یان دیارکردوە. جگە لە پێشگریمانەی سیمانتیکی و پڕاگماتیکی، هیچ کام لەو توێژرەرانەش نەیانتوانیوە جۆرەکانی تری پێشگریمانە ڕونبکەنەوە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا پێشگریمانەی دەرونی خوێندنەوەی ئاوەزییانەی کەس/انی بەرانبەرە بە شێوەیەک لە کاتی پەیوەندیکردندا گریمانەی لایەنی دەرونی کەسانی دەوروبەر دەکەین کە ئایا بەو گوتە و کردەوەیە دڵخۆش دەبن یان خەمبار. بۆ نمونە؛ پیرۆزبایی کردنی ڕۆژی لەدایکبونی منداڵێک دەبێتە مایەی دڵخۆشی، بەڵام دەبینین (عمر مەحمود:٢٠٠٩:٥٢) ئەم جۆرە پێشگریمانەیە ڕەتدەکاتەوە و بە بەشێک لە پێشگریمانەی پڕاگماتیکی دادەنێ. لە بەرانبەردا توێژەران باسیان لە جۆرەکانی پێشگریمانەی

پڕاگماتیکی کردوە و پێنج جۆریان دیاریکردوە، ئەوانیش (بون، لێکسیکی، ڕۆنانی، ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەن)ن. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جۆرەکانی پێشگریمانەی پڕاگماتیکی بڕوانە (دیار علی:٢٠٠٩:١٠٢) و (عبدالواحد مشیر:٢٠١٤:١٦٠).

## سەرچاوەکان

### ا- بە زمانی کوردی:

1. ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠١٣، پڕاگماتیکیی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، تێزی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2. ابراهیم، شیلان ڕەحیم، ٢٠١٩، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، تێزای دکتۆرا -بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
3. احمد، بڕوا ڕەسول، ٢٠٢١، گەنجینەکردنی زانیاریی لە فەرهەنگی ئەقڵیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی، زانکۆی ڕاپەڕین.
4. بەکر عومەر عەلی& ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٩، پەیوەندی سیمانتیک و لۆژیک لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، لا ٢٧-٤٢.
5. جەواد، هۆشەنگ فاروق، ٢٠٢١، پوختەیەکی تیۆری میتافۆڕە چەمکییەکان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، لا ٣٥-٦٨.
6. دزەیی، عبدالواحید مشیر. (٢٠١٤). زانستی پڕاگماتیک. هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
7. عەلی، شێرزاد سەبری، ٢٠١٤، پڕاگماتیک، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.
8. فەرەج، هۆگر مەحمود، ٢٠٠٠، پڕاگماتیک و واتای نیشانەکان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
9. قادر، کاروان عومەر-آ، ٢٠١٧، دارِشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕن، لا٤١٩.
10. قادر، کاروان عومەر-ب، ٢٠١٢، سیستەمی درکپێکردن وەکو بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، لا ٧٧-١١٢.
11. قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٢٢، فەلسەفەی زمان، وانەکانی خوێندنی باڵا، دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

12. - کەریم ,عومەر مەحمود، (2009) ، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.
13. کەمال، دیار عەلی. (٢٠٠٩). گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە. کۆلێژەی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.
14. محەمەد، دارا حەمید، ٢٠٢٢، سیمانتیکی ڕێکبەندی و ڕەخنەی کلتوری لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، لا ٩-٢٢.
15. مەحمود، ئاڤێستا کەمال-آ، ٢٠٠٩، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
16. مەحمود، ئاڤێستا کەمال-ب، ٢٠١٣، وێنەی هزری، ئاوەزداری و لێکدانەوە سایکۆزمانییەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، لا ٧-٣٦.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

1. لحمادي، فطومة، ٢٠٠٨، السياق والنص، *مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، الجزائر.*
2. قطامي، يوسف ٢٠٠٠، *نمو الطفل المعرفي واللغوي*، الاهلية للنشر واتوزيع ، الاردن-عمان.
3. الأزهر الزناد، ٢٠١٠، *نظريات لسانية عرفنية*، منشوارت الاختلاف.
4. الذويبی، ل،، ٢٠١٨، قدرة نظرية الفضاءات الذهنية على تأويلالابنة اللغوية، *العلامة*، pp 11-27، ،
5. جاك موشلار&أن ريبول، ٢٠١٠، *القاموس الموسوعي للتداولية*، دار سيناترا، تونس.
6. صلاح الدين يحي، ٢٠٢٠، التداولية العرفانية قبل التداولية، مجلة *إشكالات في اللغة والأدب*، ص ٥٧-٨١.
7. بالخير، عمر ، ٢٠١٣، السياق في ظل النظرية المعريفية، مجلة *الاثر*، حجم١٨، ص ١١٣-١١٨.

***ج – بە زمانی ئینگلیزی:***

1. - Bara, B. G. (2017). Cognitive Pragmatics. In Y. HUANG (Ed.), The Oxford Handbook Of Pragmatics (pp. 279-299). Uk: Oxford University press.
2. - Bosco, F. M. (2006). Cognitive Pragmatics. In K. Brown (Ed.), Encyclopedia of Language & Linguistics. Torino- Italia.
3. - Bruno G. bara. (2010). Cognitive Pragmatics the mental processes of comunication. Milan: MIT press .

4. - Evans, V. (2007). A glossary of cognitive linguistics. Edinburg: Edinburg University Press.
5. - Huang, Y. (2017). The Oxford Handbook of Pragmatics. UK: Oxford University Press.
6. - Ismail Adbulrahman abdulla. (2019). A Cognitive Semantic Study of Metaphysical Poetry. Erbil-kurdistan: Salahaddin University.
7. - jorg-Schmid, H. (2012). Cognitive Pragmatics. De Gruyter Mouton.
8. - Melanie, Vyvyan Evans and Green. (2006). Cognitive Linguistics an
9. Introduction. UK: Edinburgh University Press Ltd.

---

# Presupposition between ancient pragmatics and Cognitive pragmatics

**Asst. Lect. Bextyar Nuri Hamadamin**
Department of Kurdish language, College of languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: bextyar.hamadamin@su.edu.krd

**Prof. Dr. Sabah Rashid Oadir**
Department of Kurdish language, College of languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Dr.sabahrashed@yahoo.com

***Keywords**:* Presupposition, Pragmatics, Cognition, Cognitive Pragmatics, Theories of meaning

## Abstract:

The meaning of linguistic units in the speaker's mind of a language works on a set of mathematical logic principles. To interpret the meaning of a statement, the recipient makes various assumptions, eventually, one of these assumptions becomes the basis for interpreting the speaker's intention, and this mechanism

of meaning interpretation is known in pragmatics as presupposition. Presupposition includes all the possibilities that arise for interpreting a statement by the recipient of the message. In cognitive pragmatics, this is linked to background knowledge, environmental partnerships, and many other factors. On the other hand, it treats the hypothetical interpretation of utterances through several semantic theories that are different from the mechanisms and discussions written about in ancient pragmatics. Therefore, in this research, we try to go deeper into the presupposition as a subject, and the importance of this discussion in Cognitive pragmatics.

## الافتراض المسبق بين التداولية القديمة والتداولية المعرفية

**ملخص:**

إن معنى الوحدات اللغوية في ذهن المتكلم للغة ما يعمل على مجموعة من المبادئ المنطقية الرياضية. لتفسير معنى عبارة ما، يقوم المتلقي بافتراضات مختلفة، وفي النهاية تصبح إحدى هذه الافتراضات هي الأساس لتفسير نية المتحدث، وتعرف آلية تفسير المعنى هذه في التداولية بالافتراض المسبق. يتضمن الافتراض جميع الاحتمالات التي تنشأ لتفسير عبارة متلقي الرسالة. وفي التداولية المعرفية، يرتبط هذا بالمعرفة المشتركة، والشراكات البيئية، والعديد من العوامل الأخرى. ومن ناحية أخرى، فإنه يعالج التفسير الافتراضي للألفاظ من خلال عدة نظريات دلالية تختلف عن الآليات والمناقشات المكتوبة في التداولية القديمة. ولذلك نحاول في هذا البحث التعمق في الافتراض المسبق كموضوع، وأهمية هذا النقاش في التداولية المعرفية.